# دادگایی ئازادی رادەربڕین

**ئیبراهیم سالح / بەریتانیا**

هێشتا کەف و کوڵ و گەرمی بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتۆریەکانی رۆژنامەی جیلاند پۆستنی دانیمارکی دانەمرکاوەتەوەو ، باسکردن لە ئازادی رادەربڕین و سڕینەوەی رێگرەکانی بەردەمی لە سەرمێزی لێکۆڵینەوە ئەوروپی یەکان لە ریزی پێشەوەی باس و بابەتەکانە و، هەریەك بە جۆرێك و لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە بەرگری و تەنزیری لێ دەکات و ، بەنیشانەیەکی شارستانی ئەوروپی و شانازی یەکی کەلتوری و دەستکەوتی خەباتی سەدان ساڵەی ئەو کۆمەڵگانەی دەزانێت ، لە بەرامبەریشەوە تورەبون و بەرپەرچدانەوەو خۆپیشاندانی موسڵمانانی جیهانی ئیسلامیشی بە جۆرێك لە ترسان لە رەخنە و دەمارگیری و دواکەوتن و بەسەرخۆداشکانەوە لەقەڵەم دەدات . تەنانەت لێرەو لەوێ هەندێ نوسەرو رۆشنبیری جیهانی ئیسلامی و کوردیش گەرمتر وەدو ئەو لێشاوو لێکداناوانە کەوتن و لەوان زیاتر گەرم بون و ولات و کۆمەڵگاکانی خۆیان دایە بەر تانەی دواکەوتویی و مێشك بەستن و حاڵی نەبون لە جیهانی ئێستاو رێگری لە بەمەدەنی بونی کۆمەڵگە ، هەندێك بەلایەوە وابوو کە ئەم بەهای ئازادی رادەربڕینە رەهایەو هیچ سنور یا موقەدەسێك بۆی نی یە لە ئاستیدا بلێ لەل .

لەم جەرگەی روداوە گەرمانەوەو لە سەر شەقامێکی گشتی لە دەرەوەی شاری ڤیەننای پایتەختی نەمسا مێژو نوس و لێکۆڵەری بەناوبانگی بەریتانی - دیفید ئورفینج - ی 67 ساڵ لە ئوتومبیلەکەی داگیرایە خوارەوە و ، بە پێی ئەو یاداشتنامەیەی 17 ساڵ لەمەوبەر لەدژی دەرچوبو رەوانەی کونجی زیندان کراو ، پاشان لە بیستی شوباتی ئەمساڵدا بە پێی یاسایەك کە لەساڵی 1947 دا دەرچوە حوکمی سێ ساڵ زیندانی بەسەردا درا . هەرچەندە خۆی بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە ئەم بڕیارەی دادگای کەوتە بەرگوێی و بەکارێکی نزم و شەرمهێنی لەقەڵەم دا ، پارێزەرەکەی ویستی تا کاتی تێهەڵچونەوەی ئەو بڕیارە بە کەفالەتی 20 هەزار یۆرۆ لە زیندان قوتاری بکات ، بەڵام دادگەر بەمە رازی نەبوو ، وتی نەبادا دیفید رابکات و خۆی بشارێتەوە . پارێزەی دیفید دەڵێت لەو ماوەیەی لە زیندا بەسەری بردوە هەفتانە زیاتر لە 300 نامەی ئەلیکترۆنی پشتگیری بۆ هاتوە لە خەڵکەوە هاوسۆزی یەکی زۆر دەکرێت ، بەڵام ئەم هەوڵانە هیچ کاریگەری یەکیان لەسەر بڕیاری دادگا نەبوو .

ئەو کێشەیەی دیفیدی لەسەر دادگایی کراوە جێگەی تێرامانەو ئازادی رادەربڕین و شانازی ئەوروپا پێوەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە . دیفید لە ساڵی 1989 و لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییدا گومانی بۆ دروست بوو کە لە مەسەلەی هۆڵۆکۆستدا ئەو ژمارە گەورەیە لە جولەکە کوژرا بن و ، وتی : ئەو فڕنە غازی یانەی لە سەربازگەی ئوشفینتزی باشوری پۆڵندا باسی لێدەکرێت راست نی یە و لەپاش جەنگی جیهانی دوەمەوە بونیاد نراون ، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت لە شوێنەکانی تردا هەزاران جولەکە کوژراون .

لە دادگاییەکەدا دیفید دانی بەوەدا نا کە پێش هەڤدە ساڵ ئەو وتەیەی کردوە بەڵام لەپاش ئەوە لەساڵی 1991 دا لەوە پەشیمان بۆتەوەو وتی : لە پاش ئەوەی دۆسیەی تایبەتی ئەدولف ئیشتمانی بەرپرسی ئەو سەربازگەیەم بینی بیروڕاکانم گۆڕاو دڵنیابوم کە ئەو کارانە رویان داوە و فڕنەکانیش راستن ، ئەمەشم بە ئاشکرا بڵاو کردۆتەوە . بەڵام دادگا ئەم قسەیەی بەترسان لە بەندکردن لەقەڵەم داو پێی وابوو ئەو پەشیمانی یە لە دڵی دیفیدەوە دەرنەچوە . دیفید بە سەرسوڕمانەوە بە رۆژنامەنوسانی دەوت : پێتان سەیر نی یە من لەسەر رایەك 17 ساڵ لەمەوبەر دەرمبڕیوەو پاشتر لێی پەشیمان بومەتەوە ئێستا سێ ساڵ زیندانی بکرێم .

شایانی وتنە مەسەلەی هۆلۆکۆست و بڕوانەبون پێی یا گومان بردن بە ژمارەی قوربانی یەکانی یا چۆنیەتی روداوەکانی هەرچەند مەسەلەیەکی مێژویی یە ، بەڵام لە وڵاتانی ئەورپی وەك نەمساو بەلجیکاو سلۆفاکیاو چیك و ئەڵمانیاو لیتوانیاو بوڵندا و سویسراو فەرەنسادا هێڵی سورن و بڤەن ، بەرزاندنیان بەهەر جۆرێك بێت خاوەنەکەی توشی زیندانی لە ساڵێکەوە بۆ دەساڵ دەکات . ئەورپا بەگشتی ئەم وڵاتانە بەتایبەتی ئەم مەسەلەیە بەیەکێك لە جێگیرو نەگۆڕە رۆشنبیری وبارە یاسایی یە چەسپاوەکانی خۆیان دەزانن و بەو پەڕی هێزەوە لە سەر هەردوو ئاستی ناوخۆی وڵاتەکانیان و جیهانیشدا بەرگری لێ دەکەن . هەر کەس دەستدرێژی بۆ ئەم مەسەلەیە بکات و لەگرنگی یەکەی کەم بکاتەوە و یا لەرویەکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات وێنەی جیاوازی لێ بشۆرێتەوە ، تەنانەت ئەگەر لە دڵی خۆشیدا بڕوای پێ نەبێت ، یا خەڵکی وا گومان بەرن کە بڕوای پێ نی یە ، ئەوا دەکەوێتە بەر لێشاوی رەخنەو لێپێچانەوەو لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە چەندین تۆمەتی وەك دژایەتی سامیەت و رەگەزپەرستی و بزوێنەری رق بڵاوکردنەوەو تێکدەری ماناکانی پێکەوە ژیانی دەخرێتە پاڵ و ، هیچ پلەو پایەیەکی رەسمی و یاسایش بۆ ئەم مەسەلەیە نابێتە حەسانە بۆی . برونو جولینس ی ئەندام پەرلەمانی فەرەنسی تەنها لەبەر ئەوەی لە دیارێکی رۆژنامەگەریدا وتی : دەکرێ مێژونوسان ئازاد بکرێن لەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر چەندێتی و چۆنیەتی ئەو روداوە بکەن . یەکسەر حەسانەی پەرلەمانی لێ سەندرایەوەو روبەروی دادگا کرایەوە .

بەم جۆرە شارستانیەتی رۆژئاوا لەناوخۆیدا بەو توندی یە بەرگری لە جێگیرەگانی خۆی دەکات و کەس بەئازاد نازانێت لە بەزاندنیان و، بە ئاسایشی نەتەوەیی و شارستانی خۆییان دەزانێت . بەڵام بۆ دەرەوەی خۆی و بە تایبەت بەرامبەر جێگیرەکانی کۆمەڵگە و شارستانیەتی ئیسلامی گوێی لە هیچ نی یە ، زۆر بەسادەو ساکاریان دەبینێت و ، دەیەوێت هەرچی سوکایەتی و هەست بریندارکردن و گاڵتەجاڕی و هەوڵی رماندن و ناشیرینکردن هەیە لە ژێر دروشمی ئازادی رادەربڕین دا پاساو بدرێت . لەولاشەوە بانگەشەی وتوێژو پێکەوە ژیان و جیهانی لێبوردن و فرەکەلتورو رەگەز دەکات . بەم جۆرە مامەڵەکردنانە زۆر لە دروشم و هەڵوێست و بڕیارەکانی دەکەونە ژێر پرسیارەوەو کەهەر خۆی پێویستە وەڵامیان بداتەوەو خەڵکیان پێ قەناعەت بکات .